# جیاوازی نێوان هەڵبژاردنەکانی دانماركو كوردستان و جیاوازی بەرپرسێکی ئەڵمانی لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان




یەکشەممە 2.12.2007

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim2006@hotmail.com


سەرۆک وەزیرانی دانمارک (ئەنەس فۆو راسموسن)، لەڕۆژی چوارشەممە رێکەوتی (24.10.2007)دا، بڕیاریدا هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی دانمارک کە بە (فۆلکە تینگت) ناسراوە، لەڕۆژی سێشەممە (13.11.2007)دا، ئەنجام بدرێت، سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا دوو ساڵ لەتەمەنی پەرلەمان مابوو، ئەویش لەبەر هەبوونی چەندین کێشە لەنێوان پارتە بەشدارەکانی نێو پەرلەمان، کە مانەوەو بەردەوام بوونی بەمشێوەیە لەداهاتوودا تاڕادەیەک مەترسی ئیفلیج بوونی ئیشوکارەکانی پەرلەمانو حکومەتی دانمارکی بەسەرۆکایەتی (ئەنەس فۆو راسموسن)ی لێدەکرا.

ماوەی بڕیاردانی هەڵبژاردنی نوێو رۆژی هەڵبژاردنەکە تەنیا (21) رۆژ بوو، بێگومان ئەمەش ماوەیەکی زۆر کەمە بۆ خۆئامادەکردنو دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنو ئەنجامدانی پرۆسێسەکە، بەڵام پارتە دانمارکییەکانو کۆمەڵگای دانمارکی لێڕاهاتوونو، هەردەم ئامادەن بۆ بڕیارێکی لەناکاوی سەرۆک وەزیران سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێو پێشوەخت! ئەوەبوو هەر لەدوای بڕیارەکە، هەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی رێکوپێک لەسەرانسەری وڵاتدا دەستپێیکرد، کە زۆرترینیان لەڕێگای کۆڕ، کۆبوونەوە، رادیۆ، رۆژنامەو رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی گفتوگۆی سەرکردەکانی پارتەکان بوو بەهۆی تەلەفزیۆنەوە، کە گفتوگۆ تەلەفزیۆنییەکەی رۆژی یەکشەممە (11.11.2007) لەهەموویان کاریگەرتر بوو. لەو ئێوارەیەدا سەرکردەی تەواوی پارتەکانی کاندید بۆ پەرلەمان (سەرکردەی نۆ پارت) تێیدا ئامادە بوونو، بابەتەکانیش بریتی بوون لە کەمکردنەوە یان پاراستنی رێژەی باج، کەمکردنەوەی بێکاریو دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران، چارەسەری کێشەی نیشتەجێکردن، بەرزکردنەوەی مووچە، رەخساندنی هەلی خوێندنو بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ خوێندکاران، خۆشگوزەرانی بۆ خانەنشینەکانو پیرو پەککەوتەکان، دابینکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزارەنی بۆ هەموو هاووڵاتیان، برەودان بەخزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، باخچەی ساوایانو باخچەی منداڵان، چارەنووسی پەناهەندە ئێراقییەکانی کامپەکان، زرنگکاری (سیاسەتی) ئەوڕوپاو زرنگکاری دەرەوەی دانمارک، یارمەتی دارایی بۆ وڵاتانی کەم دەرامەت، مانەوەو نەمانەوەی هێزەکانی سوپای دانمارک لە ئێراقو ئەفغانستان.

لەم ئێوارەیەدا زۆرتر لە دوو ملیۆنو نیو دانمارکی سەیری ئەو گفتوگۆ گەرمەیان دەکرد کە کەناڵی (DR1)ی دانمارکی راستەوخۆ دەیگواستەوە. تا ئەوکاتەش نزیکەی (10-12%)ی هاووڵاتیانی دانمارکی بڕیاری تەواویان نەدابوو دەنگ بەکام لایەن بدەن، چونکە لێرە دەنگ بەو پارتانە دەدرێت کە تاکەکانی ناو کۆمەڵ پێیان وایە زۆرتر لەخزمەتی وڵاتو هاونیشتمانیان دان، هەرچەندە یەک هەفتە بەر لەهەڵبژاردن نزیکەی (22%)ی دانیشتوانی دانمارک بەگومان بوون کە دەنگ بەکێ بدەن!. کەچی لە کوردستانی ئێمەدا زۆربەی هاووڵاتیانی کورد بەر لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەنگەکانیان دیارە کە بەکێی دەدەن، هەتا ئەگەر پارتەکەیان سەدانجار لەشکری داگیرکەر بێنێتە سەر کوردستانو، ناپاکی پارتەکەیان نابێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی ئەوان لەوەی دەنگ بەلایەنێکی تر بدەن، واتە لە کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر دەنگەکان پۆلێنو تاپۆ کراون!

گفتوگۆکان زۆر بەڕێکیو شارەزایانە بەڕێوەچوون، کەسیان بەوەڵامی توند یاخود قسەی ناشرین هەستی بەرامبەرەکەی بریندار نەدەکرد، هەرچەندە رەخنەی توندی لێبگیرایە یاخود قسەشی پێبگوترایە، بۆ نموونە سەرۆکی (پارتی لیستی یەکگرتوو) خاتوو (لینە بارفود) دووجار بە (ئەنەس راسموسی) سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی (پارتی چەپڕەو) کە لەڕاستیدا پارتێکی راستڕەوە، گوت؛ (تۆ سەرۆک وەزیرانێکی درۆزن بوویتو بەڵێنەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی پێشووت نەبردەسەر)، بەڵام ئەو داکۆکی لەخۆی کرد بێ ئەوەی قسەی ناشرینی پێ بڵێت یاخود بڵێت نا خۆت درۆزنی! نەشەڕە پەڕۆ، نەشەڕە شەقو نەشەڕە تفەنگیش روویان نەدا. پارتەکانو سەرۆکی پارتەکان لەڕێگای ئەو کارانەی کە پێشکەش بەخەڵکەکەی دەکەنو بەهۆی بەرنامە خزمەتگوزارییەکانیانەوە هاووڵاتیان بۆخۆیان رادەکێشن، نەک وەکو هی کوردستان لەڕێگای بەخشینەوەی دەفتەرە دۆلار، خانوو، زەوی، ئۆتۆمۆبێل، کۆمپیوتەر، تەلەفۆنی مۆبایل یان گفتپێدانی خانەنشینکردنو دامەزراندنیان دوای سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان! یان لەڕێگای هەڕەشەو سوێنددان بەتەڵاقو قورئان بۆ دابینکردنی دەنگەکان!

دوای ئەوەی هەر کاندیدێکیش دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، تەنیا مووچەی مانگانەی خۆی وەردەگرێتو دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانیش خانەنشین ناکرێت، بەڵکو هەوڵدەدات کارێکی تر بۆخۆی بدۆزێتەوە، نەک وەکو پەرلەمانتارانی کوردستان سەرەتا خانوو، ئۆتۆمۆبێل، پارەی بەنزین، تەلەفۆنی مۆبایلو چەندین پاسەوان بۆخۆیان بنووسنو پارەکانیان وەرگرن، دوای چوار ساڵەکەش بەپارەیەکی باش

خانەنشین بکرێن. ئەوەی شایەنی باسیشە لەکۆی (179) ئەندام پەرلەمان، کە (175) ئەندامیان دانمارکینو، (گرۆنلاند)و (فێیەئویەنە)ش هەریەکە (2) نوێنەریان لە پەرلەمانی دانمارکیدا هەیە، هەر یەکەشیان پەرلەمانی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، ئەوەی گرۆنلاند (لاندس غوذت)و ئەوەی فێیەئویەنە (لاوتینگت)ی پێدەڵێن. گرۆنلاد لەساڵی (1953)وە هەروەها فێیەئویەنە لەساڵی (1948)دا بووینە بە بەشێک لەدانمارکو یەکێتییەکی فیدراڵی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. هیچ کامێک لە گرۆنلاندو فێیەئویەنە ئەندام نین لە (هاوپەیمانی ناتۆ)و (وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا) کە دانمارک لەساڵی (1949)ەوە ئەندامی یەکەمیانو لەساڵی (1972)شەوە ئەندامی دووەمیانە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لەم ئەزموونەی دانمارک وەرگرێتو، خۆی نەبێتە ناو (کۆمکاری وڵاتانی عارەبی) کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردو کوردستانەوە نییە، چونکە تەنیا بۆ وڵاتانی عارەبی دروستکراوە، دەکرێت تەنیا ناوەڕاستو باشووری ئێراق کە هی عارەبن ببن بەئەندامی (کۆمکاری وڵاتانی عارەبی)و، هەرێمی کوردستانیش کە هی کوردنو هیچ پەیوەندییەکی بەعارەبو ئێراقەوە نییە، نەچنە نێوی، عارەبی ئێراقیش بۆیان نییە لەجیاتی کورد بڕیار بدەنو بەزۆر (هەرێمی کوردستان)یش راکێشن.

لەکۆی (179) ئەندام پەرلەمانی دانمارک کە (95)یان سەر بە بەرەی راستڕەوو (84)یان سەر بە بەرەی چەپڕەون، (68) ئەندامیان ژنن، واتە بەڕێژەی نزیکەی (38%)یان ژنن کە بەمشێوەیە دابەش بووینە: سۆسیال دیموکراتەکان (15) ژن لەکۆی (45) ئەندام واتە (33%)یان ژنن، ڤێنسترا (15) ژن لەکۆی (46) ئەندام واتە (32،6%)یان ژنن، پارتی سۆسیالیستی گەل (11) ژن لەکۆی (23) ئەندام واتە (47،8%)یان ژنن، پارتی گەلی دانمارک (9) ژن لەکۆی (25) ئەندام واتە (36%)یان ژنن، کۆنسەرڤاتیڤ (پارێزگاران) (8) ژن لەکۆی (18) ئەندام واتە (44،4%)یان ژنن، رادیکاڵە چەپەکان (4) ژن لەکۆی (9) ئەندام واتە (44،4%)یان ژنن، هاوپەیمانی نوێ (2) ژن لەکۆی (5) ئەندام واتە (40%)یان ژنن، لیستی یەکگرتوو (2) ژن لەکۆی (4) ئەندام واتە (50%)یان ژنن، هەروەها (2) ژن لەکۆی (4) ئەندامەکەی گرۆنلاندو فێیەئویەنە، واتە هی ئەوانیش (50%)یان ژنن، هەروەها لەم چوار ئەندامەی ئەوان (3)یان سەر بەبەرەی چەپو یەکێکیان سەر بە بەرەی راستڕەون. بەشداری پێکردنی ژن لە پەرلەمانی دانمارک بەم رێژەیە کە هێشتا زۆریش نییە، کەچی لەسەر بنچینەی خزم، خێڵ، دڵسۆزیو گوێڕایەڵی بۆ پارتو سەرکردەو بەرپرس یاخود تەنیا بۆ رازاندنەوەی هۆڵی پەرلەمان نییە بەس بۆئەوەی بڵێن پەرلەمانەکەیان ژنی تێدایە! بەڵکو لەسەر بنچینەی تواناکانو لەپێناوی بەرەو پێشەوە بردنی وڵاتە لەلایەن تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی رەگەز، ئایینو نەتەوە.

نموونەی دووەم بەرپرسێکی ئەڵمانییە کە دەمەوێت بەراوردی بکەم لەگەڵ بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان، ئەویش دەست لەکارکێشانەوەی (فرانس مۆنتفیرینگ)ی وەزیری کاری ئەڵمانیو جێگری راوێژکاری ئەڵمانی بوو. هەر هەمان رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دانمارک، وتەبیژی فەرمی وەزارەتی کاری ئەڵمانی لەڕۆژی (13.11.2007)دا دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کار (فرانس مۆنتفیرینگ)ی جێگری (ئەنگیلا مێرکلی) راوێژکار (سەرۆک وەزیران)ی ئەڵمانیا لە هەردوو پۆستەکە راگەیاند بەهۆی نەخۆشی هاوسەرەکەیەوە (ئەنتکبیرا)، کە بە نەخۆشی شێرپەنجەوە دەناڵێنێو باری تەندروستی خراپە، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە (ئەنتکبیرا)ی هاوسەری (فرانس مۆنتفیرینگ)ی وەزیری کارو جێگری راوێژکاری ئەڵمانی نەتوانێ درێژە بەکارەکانی خۆی بدات وەکو ئەندامێکی کارای (هاوپەیمانی فەرمانڕەوایەتی)و، بەشداری کۆبونەوەیەکی گرنگی هاوپەیمانێتی فەرمانڕەوایەتی بکات لەسەرەتای مانگی نۆڤێمبەری رابردوو.

بەرپرسێک یان وەزیرێکی کوردستانی، ئەگەر بێتوو نەک تەنیا هاوسەرەکەی بەڵکو خۆی، خێڵەکەی یان هەموو کورد تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی وەکو نەخۆشییەکەی (ئەنتکبیرا)ی هاوسەری (فرانس مۆنتفیرینگ) ببن، ئەوە نەک هەر ئامادە نییە دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە، بەڵکو یەکسەر بیر لەژن هێنانەوە دەکاتو هێشتا ژنە نەخۆشەکەی زیندووە ژنێکی تر دەهێنێتو ئەوەندەی تر دەبێتە هۆی قورس کردنی نەخۆشییەکەیو بەخەفەتەوە دەیکوژێت، ئەوە ئەگەر کاکی بەرپرس پێشتر دوو ژنی نەبووبێت! ئاخر ئەگەر ئەو ئامادە نەبێت لەپێناوی نەتەوەو نیشتماندا دەست هەڵگرێ، چۆن لەپێناوی ژنەکەیدا دەست هەڵدەگرێت؟ جیاوازی نێوان (فرانس مۆنتفیرینگ)و بەرپرسانی کورد ئەوەیە کە ئەو ئامادەیە لەپێناوی هاوسەر، نەتەوەو نیشتمان دەست لەپۆستەکەیدا بکێشێتەوە، بەڵام بەرپرسانی خۆمان نە لەپێناوی هاوسەر، نە نەتەوەو نە نیشتمان ئامادەنین پۆستەکەیان جێبێڵن، ئەگەر ناچاریش نەکرێن تا ئەو رۆژەی دەمرن دەست

**بەرداری پۆستەکانیان نابن! زۆرجار شکستی هەندێک لە وەزیرەکانو گەندەڵی وەزارەتەکانیان هی ئەوەیە وەزیرەکانیان وازبێنن، بەڵام ئەوەی بەبیریاندا نەیەت وازهێنانە!**